The Social Democratic Party of Kurdistan

Parti socialdemokrati Kurdistan (rojhelat)



**بۆ ڕای گشتیی کوردستانیی و جیهانیی**

**بۆ ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازان**

دوو مانگێک لەمەوبەر پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) لە دوو کۆبوونەوەدا لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی پارتی کرێکارانی سۆسیالدیموکراتی سوێد SAP بۆ خۆپیشاندانی ١ ئایار لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ئێمە لە شاری یۆتەبۆری لەو خۆپیشانەدا بەشداربین و لەوێدا سێ (٣) دروشممان هەبێت. یەکەمیان "**سوپای ئێران لە کوردستان بۆ دەرەوە**" دووهەم "**مەرجگەلی ڕەوا و دادوەرانەی کار بۆ گەلی کوردستان**" و سێهەم "**بیمەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەوا بۆ گەلی کوردستان**".

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/٤/١٥ بەرپرسێکی ئەو پارتە کە ئەندامی بەڕێوەبردنی مەراسیمی خۆپیشاندانەکەیە تەلەفۆنی بۆ هاورێیەکی ئێمە کرد و پێ ڕاگەیاند کە پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بۆی نییە لە خۆپیشاندانی ١ ئایاردا ئەو دروشمانەی هەبێت. یەکەم دەبێت ناوی کوردستان بگۆڕێت بە "کوردستانی ئێران" و دووهەم بە هیچ شێوەیەک نابێت دروشمی "سوپای ئێران لە کوردستان بۆ دەرەوە" لەو خۆپیشانەدا هەبێت.

ئێمە داوامان کرد کە ئەوان ڕوونکردنەوەی خۆیان بە فەرمی بگەیەننە دەستمان. لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە بە نووسراوە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٩/٤/١٦ بە دەستمان گەیشتووە ئەو بەپرسە ئاماژە بە بڕیاری پارتی کرێکارانی سۆسیالدیموکراتی سوێد SAP دەکات و وەڵام دەداتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

> **"بڕیاری سەرۆکایەتی خۆپیشاندانەکە لەسەر بناخەی ئەو وەڵامەیەکە پرسیارمان لە بەشی نێونەتەوەیی پارتەکەمان لە ستۆکهۆڵم کردووە. گەلێک وڵات [دەوڵەت] دەستیان لە "کوردستان" دا هەیە، ئێمە ناتوانین ڕێگا بدەین کە بنووسرێت "سوپای ئێران لە کوردستان بڕۆ دەر"، ئەگەرچی دەشزانین کە ئەوان خراپ لەگەڵ کورد و کەمەنەتەوەییەکانی دیکەدا ڕەفتار دەکەن. پارتیی هەروەها هێشتا سەبارەت بە پشتگیریکردن لە کوردستانێکی سەربەخۆ بڕیاری نەداوە، لەبەرئەوە تا ئەو کاتەی بڕیارێکی وا دەدرێت ئەو دروشمانەی ناردوتانن ڕەت دەکرێنەوە/ دەگۆڕدرێن. ناوچەی سۆسیالدیموکراتی یۆتەبۆری".**

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان مێژووی کۆلۆنیالیزم دەیهێنینەوە بیری پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێد، کە کاتێک کۆلۆنیالیزمی ئورووپایی لە ژێر ناوی مەسیحیەت و گواستنەوەی شارستانیی ئورووپییدا دەستیان کرد بە داگیرکردنی وڵاتانی ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا، خوێنێکی زۆر ڕژێنرا، بە ملوێنەها مرۆڤ کوژران و کران بە کۆیلە، خاکیان داگیر کرا و سامانی سەرزەوی و بنزەویان بە تاڵان بردرا. لایەنێکی فرە دزێوی کۆلۆنیالیزم ڕەفتاری ڕەگەزپەرستیانە دژ بە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە بوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو خوێنڕشتن و تاڵان و وێرانکاریانەدا گەلێک لە نەتەوەگەلی ئەو ناوچانە بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، بوون بە خاوەنی سیستێمی بەڕێوەبردن و خوێندن و چاوەدێریی و تەندروستیی و ڕێگاوبان و خەتی قەتار و فڕۆکە و هتاد.

کۆلۆنیالیزم لە کوردستان لە بەراووردی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی ئورووپاییدا دڕندەترە. ڕەگەزپەرستیی کۆلۆنیالیزم لە کوردستان لە سەر بناخەی جیاوازبوون "ئەوان و ئێمە" دانەمەزراوە، بەڵکو لە سەر بناخەی نکۆڵیکردن لە کورد و کوردستان دامەزراوە. سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی ئەم دەوڵەتانە لە سەر نکۆڵیکردن لە هەبوون و پاشان قەدەخەکردنی زمان، جلوبەرگ، کولتور و فەرهەنگ، خەفەقانی پیشەسازیی و تەندروستیی و خوێندن و هتاد لە کوردستان بنیات نراوە. ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی ناگایانە و ناخودئاگا نییە، بەڵکو سیاسەتێکی خودئاگا و پلان بۆ داڕێژراوە. ئەو سیاسەت و ڕێبازە، بە سەدان سیاسەتمەدار، بە هۆی دەیان دام و دەستگای جیاواز، بە دەیان هەزار پۆلیس و پاسدار و سیخوڕ و بە سەدان هەزار سەرباز بەڕێوە دەبردرێت. ئەم هێزە بە سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، فڕۆکەی جەنگی مۆدێرن و تانک و زرێپۆش و ئامرازی سەربازیی نوێ و مۆدێرنی تێدا بەکار دەبردرێت.

ئەم سوپایە زامنی هێشتنەوە و بەردەوامبوونی دەوڵەتی ئێرانە لە کوردستان.

لە مێژووودا، بەتایبەتی سەدەی ڕابردوو و کە دیارە ئێستایش درێژەی هەیە، ئەو سوپایە بە هەزران کوردستانیی کوشتووە، بە سەدان هەزار کوردستانیی لە زێدی باووباپیری خۆیاندا لە ناو سنووری ئێراندا ڕاگواستوە و کوردان ناچاربوون ڕووەو وڵاتانی دەرواسی بار بکەن یان هەڵبێن،

حکومەتگەلی ئەم دەوڵەتە داگیرکەرە بە هەزاران کوردستانیی لە زیندان هاویشتووە، دەستی بە سەر ماڵ و سامانی بگویز و نەگویزی کوردستاندا گرتووە، بە سەدان هەزار خەڵکی کوردستانی تووشی ئاوارەیی کردووە، ڕۆژانە سامانی کورد دەدزیت و دەبات لە کاتیکدا کە کورد بیکار و بیخویندن و بیچاوەدیریی و بیئاییندەیە، لە خەفەقانی ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی و ئایینیدا دەژی. بارودۆخی چەوسانەوەی کورد لە بەراووردی کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنی نەریتییدا وا خراپە کە زەحمەتە مرۆڤی ئورووپایی بە هاسانیی لیی حاڵی ببیت. حاڵی بوون لە دۆخی گەلی کوردستان پیشمەرجی ڕیزگرتن لە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی دەخوازیت.

ژمارەی کورد لە کوردستان لە بەراووردی گشتییدا لە ژمارەی نەتەوەی سەردەستی وەکوو عەرەب و تورک و فارس لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا کەمتر نییە. کورد لە ئیران لەباری حەشیمەتەوە لانی کەم لە پاش ئازەری و فارس لە پلەی سیهەم دایە و دەبیت بە نەتەوە بژمیردریت. ناکریت کورد بە کەمایەتیی حیساب بکریت، چونکە لە دۆخی داگیرکردن و دابەشکردنەکەدایە کە ڕیژەی کورد لەگەڵ دانیشتووانی گشتییدا بەراوورد دەکردریت و بەو شیوەیە مۆری کەمایەتی و ئەوجا بچووککردنەوە و سووککردنی کیشەی کورد لە دۆزی کورد دەدریت. ئیمە بە حیساباتی لەو جۆرە ڕازی نیین و نابین.

دەبیت کورد لە دۆخی سرووشتییدا حیسابی بۆ بکریت، دەنا ئەگەر بەو شیوەیەی کورد لەگەڵ هەموو کیشەیەکی دیکەی جیهان حیساب بکریت، ئەوا مرۆڤایەتی تووشی نەزمیکی ئانارشیستیی سیاسیی دەبیت.

لە سەر ئەو بناخانە پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان داوای دامەزراندنی دەوڵەتیکی سەربەخۆ و دیموکرات بۆ گەلی کوردستان دەکات. ئەوە لە پیڕەووپرۆگرامی سیاسییماندا بە ڕوونیی و بە دریژیی باس کراوە. ئیمە پیمان وایە داواکردنی کەمتر لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان داوایەکە دژ بە خواستی مرۆڤە کە لە ئازادیی و سەربەخۆییدا بژی.

ئیمە چاوەڕووانیین کە ئەوانەی خۆیان بە دیموکرات و بە ئازادیخواز دەناسینن، باوەجودی خەتی ئایدیۆلۆژیان، مافی نەتەوەکان بۆ بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە ڕاپرسیکی ئازاد و بە چاودیریی کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی، بە ڕەسمیی بناسن و بسەلمینن.

ئێستا دانیشتووانی کوردستان لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژوودا هوشیارترن. زەمانی هەڵخەڵەتاندنی کورد بە پیرۆزیی سنووری دەوڵەتی داگیرکەر نەماوە. زۆرینەی ئەو دەوڵەتانە خۆیان بەرهەمی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی و جەنگی جیهانیی یەکەمن.



ئێمە بەلامانەوە سەیرە پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێد، پارتێک کە خەباتی بۆ سەربەخۆ هێشتنەوەی سۆید، بۆ باشترکردنی مافی کرێکار و جووتیار و خوێندکار و مووچەخۆران، بۆ سەقامگیرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیی، بۆ پاراستی مافی ئازادییە جیاوازەکان کردووە و دەکات، هەمان ئارەزوو و خواست لە گەلی کوردستان نەک هەر بە ڕەوا نابینێت بەڵکو دژایەتیشی دەکات. هاوکات لە گۆڕەپانی جیهانییدا، ئەڵبەت بە دروستیەوە، داوای دامەزرانی دەوڵەتێک بۆ فەلەستینیەکان دەکات.

ئێمە ئەمە بە دووڕوویەکی سیاسیی دەبینین چونکە دەزانین کە فەلەستین ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی و ٥٦ دەوڵەتی ئیسلامیی هەیە پشتگیریی لێ بکات. لە بەرانبەر فشارێکی وا دا سۆسیالدیموکراتیی سوێدیی دەچەمێتەوە. لەملاوە کوردستان کە هەروەک سۆسیالدیموکراتەکانی سوێد خۆیان ئاماژەیان پێ کردووە گیرۆدەی گەلێک دەوڵەتە. دیارە پشتگیریەکی سیاسیی لەو جۆرەی فەلەستیبن لە بەرژەوەندی بەرتەسکی پارتایەتی و ناسیونالیستیانەی پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێددا نییە. پارتی نابراو لێرەولەوێ یەک دوو چالاکیی زۆر بچووک بە ناوی کورد و بۆ کوردان دەکات و پێی وایە دەتوانێت خواستی ڕاستەقینەی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی، بە کاری وا تاکتیکی بشارێتەوە. پارتیی ناوبراو باش دەزانێت کە کوردستان نەشتەرگەریەکی جیددی پێویستە و بە دوو دەنک دەرمانی ئازار، ئەویش کە ئاوا پێی دەدرێت، دەردی سارێژ نابێت.

ئێمە ئەمە دوور لە هەڵوێستی پشتگیریانە و ئینتەرناسیونالیانە دەبینین و دەزانین بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە سوێد لە درێژخایاندا قازانج لە هەڵوێستی لەم چەشنە ناکات.

سەرئەنجام:

- ئێمە بڕیارماندا ئەم ساڵ (٢٠٠٩) لەگەڵ سۆسیالدیموکراتەکانی سوێد لە خۆپیشاندانی ١ ئایاردا بەشدار نەبین.
- هەڵوێستی نابەجێ و نەگونجاوی پارتی سوسیالدیموکراسی سوێد لە ئاست نەتەوەی کورد و مافەکانی، دەبێتە هۆی ئەوە کە کوردانی دانیشتووی سوئێد چاو بە هەڵبژاردنی دۆستەکانیاندا بخشێننەوە. بێگومان ئەو چاوخشاندنەوەیەش لەسەر هەڵبژاردنەکان و دەنگدانەکان کاریگەری دەبێت،

- سوپای ئێران لە کوردستان بۆ دەرەوە
- بژی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان و بژی کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

٢٠٠٩/٤/٢٥